# وەزیری دەرەوەی فنلاند بەخێرهاتنەوەی لە ڕێبوار عارف کرد !



ئەمرۆ سێ شەممە بەرواری 31 / 5 / 2005 ریبوار عارف ئەندامی کۆمیتەی ناوەند حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، لەسەر داوای وەزیری دەرەوەی فنلاند بەڕێز ( ئێرکی توۆمیۆ ) لەگەل وەفدێکی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی فنلاندو لێپسراوی حزبی کۆمۆنیستی کریکای عیراق کۆمیتەی فنلاند، هاوڕێ مستەفا باهیر سەردانیکی پەرلەمانی فنلاندی یان کرد. سەرەتا خاتوو( تووتی کۆتیلاینن ) خۆشحالی خۆی دەربری لە پەیوەند بە ئازادکردنی ریبوار عارف وگەڕانەوەی بۆ فنلاند، هەروەها ڕێزی لەوەزیری دەرەوەی فنلاند نا کە بۆی مەبەست بوو لە نزیکەوە قسەوباس لەگەل ریبوار عارفدا بکات.

پاشان دواتر ریبوار عارف سوپاسی هەموو ڕێکخراوە جەماوەریەکان و حزب ولایەنەکان و خەلکی فنلاندو حزبی کۆمونیستی کریکاری عیراقی کرد سەبارەت بە بەرپاکردنی کەمپینێکی فراوان بۆ دیفاع لە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی و ئازادکردنیان لە زیندان، کە لە هەموو ولاتانی ئەوروپادا بەڕێوەبرا، کە بەکردەوە دەورێکی گاریکەری هەبوو لەسەر ئازادکردنی ریبوار عارف و پێداگرتنی خەلکی کوردستان بۆ داکۆکی کردن لەماف و ئازادیەکانی خۆیان.

پاشان بەریز ( ئێرکی توۆمیۆ) خوازیاری ئەوە بوو کە ریبوار عارف هۆکارو پرۆسەی دەسگیرکردنەکەی بۆ باس بکات ... دواتر ئەوە بوو لە چەند بەندی تایبەتدا سەرباری ئاماژەکردن بە هۆکاری گەرانەوە بۆ کوردستان، باسی لە چۆنیەتی دەسگیرکردن و هۆکاری دەستگیرکردن و کێشمەکێشەکانی ئەو هەفتەیە کراو هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە سەرئەنجام بەهۆی ئەوی کە دەستگیرکردنەکەی بێ ئەساس بووەو هیچ تاوانیکی نەکردوە بەدەرلە دەربرینی بیروورای خۆی، وەبەهۆی ئەوەی کە مامەلە نائینسانی لەگەلدا کراوەو ماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکانی پیشیل کراوە ، شکاتیکی لەسەر بەریز عمر فەتاح سەرۆکی حکومەتی ناوچەی سلیمانی تۆمار کرد، کە هاوکات ناوەرۆکی ئەم شکاتنامەیە لە ریگەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەکەری یەوە راگەینرا بۆ خەلکی کوردستان . هەروەها ریبوار عارف لەنیو قسەوباسەکەیدا ئاماژەی بەوەش کرد کە بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارەکانی و بەروپیشبردنی شکاتنامەکەی پیویستی بە دەخالەت و هاوکاری حکومەتی فنلاندە . وە هەر لەمبارەشەوە ئەوەی راگەیاند کە ئەمرۆ بەشیوەیەکی ڕەسمی نامەیەکی ئاراستەی وەزیری دەرەوەی فنلاند کردوە * بە مەبەستی دەخالەت و هاوکاری کردن لەسەر مەسەلەی دەسگیرکردن و چۆنیەتی مامەلەی حکومەتی ناوچەی سلیمانی. وە بۆ ئەم مەبەستە چ وەك هاولاتیەکی فنلاندو چ وەك کەسیك کە ماف و ئازادیەکانی پیشلکراوە خوازیار دەخالەت و هاوکاری کردنی حکومەتی فنلاند بوو.

دواتر بەرێز ( ئێرکی توۆمیۆ ) وەزیری دەرەوەی فنلاند بەلێینیدا کە پاش تاوتۆێ کردنی مەسەلەکان و ئەو زانیاریانەی کە بە ئێمەتانداوە ئێمە هەڵویستی خۆمان دیاری دەکەین و بۆ ئەم مەبەستەش ئاگادارتان دەکەینەوە .

- نامەکەی ریبوار عارف هاوپیچی ئەم راگەیاندنەیە !

حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق –کۆ میتەی فنلاند

2005 / 6/ 1

---

بەریز ( ئێرکی توۆمیۆ ) وەزیری دەرەوەی فنلاند

بابەت : داواکاری

بەریز سەرەتا خۆشحالم بەوەی کە بەهۆی هەلسوڕان و بەتەنگەوە بوونی هاوڕی یان ودۆستانی هاوکارمەوە بەرێزتان لە مەسەلەی دەسگیری کردنی ئێمەو مانەوەمان لە زیندانی حکومەتی ناوچەی سلیمانی ئاگادار بوونەوەو لەو بارەیەشەوە دیداری ئێمەتان بۆ مەبەست بوو .

**بەر لە هەرشتێك بە پێویستی دەزانم کە ئاگادارتان بکەینەوە کە هۆکاری گەڕانەوەی ئێمە بۆ کوردستان بەدەر لە سەردانی ماڵەوەو دۆستانیکی خۆم هەروەها دوو پرۆژەی سەرەکیمان هەبوو کە بریتی بوون لە : دابین کردنی را پۆرتیکی دۆکیومەنتی بۆ خستنە ڕووی واقعی ئەمنی و سیاسی و کۆمەلایەتی کوردستان و عیراق بە گشتی . چۆنکە هەروەك ئاگادارن، زۆریك لەولاتانی ئەوروپا لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردودا سەرگەرمی دارشتنی پیلانی گەڕانەوەی پەنابەرانی عیراقین. کە ئەمە بۆ ریکخراوەکەی ئێمە جیگەی هەلویست گرتن و لیٚ وردبوونەوەو خستنە ڕووی ئەو واقعەیە کە پیچەوانەی ئەمە نشان دەدات . بۆیە بۆ لیکولینەوە لەم مەسەلەیە ریکخراوەکەی ئیمە بریاریدا کە لیژنەیەك بنێرێتەوە بۆ کوردستان وعیراق تا بتوانن زانیاریەکی وردو واقعی لە رەوشتی ئیستەی عیراق و کوردستان بەدەست بهینن و ئەو ریگری یە واقعیایە بخەنە روو کە گەرانەوەی پەنابەران لە ئیستەدا مەحال دەکات .**

2- **هەروەها پرۆژەی دووەمان ئەوە بوو کە ئێمە ماوەیەکە دەست بەکاری کەمپینکین لە پەیوەند بە دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس کە تا ئیستە سیٚ سەد هەزار ئیمزای خەلکی کوردستتا نمان کۆکردوەتەوەو هاروەها شەش سەد پاریزە داکۆکیان لە پرۆژەکەی ئیمە کردوە بەدەر لەوەی کە زیاتر لە هەزار کەسایەتی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەدیب و رۆشنبیری کوردستان بە هەمان شیوە پشکیریان لە پرۆژەکەمان کردوە ... بەلام بە داخەوە بەهۆی دەسگیری کردنی خۆم و هەندیٚ گرفتی ترەوە کاروباری ئەم دوو پرۆژەیە هەر وا بە نیوە ناچلی مایەوەیە .....**

**بەریز .... تاوانیك کە ئیمە کردمان و بووە هۆی هەفتەیەك زیندانی کردنمان، تەنها ئەوە بوو کە لە خۆپیشاندانیکی ئارام و مۆلەتداراوی خویندکارانی زانکۆی سلیمانی دا تەنها** 5 **دەقیقە قسەوباسمان کرد بۆ پشتگیری لە خواستی رەوای خویندکاران . کە ئەگەر تەنها ئەمە نموونەیەکی ئەو سەدان دۆکیومەنتە بیت کە بەلگەی نیشاندانی نەبوونی ئازادی و دیموکراسی یە، بەس بیت بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەموو جارو جە نجالەی کە سەبارەت بە ڕەوشتی ئارامی ئەم ناوچەیە دەکریت . کە دەبیت ئەوەش بلیٚم، بە دلنیای ئەگەر لافای ئەو سەدان نامەی حزب و ریکخراوەکانی ولاتانی ئەوروپاو دەنگی نارەزایەتی هەزاران کەسیێ ئازادیخوازی عیراق وهەندەران نەبوایە بەم زووانە ئازاد نەدەکراین .**

**بەریز ...ئیمە پاش ئازاد کردنمان شکاتنامەیەکمان لەسەر سەرۆکی حکومەتی هەریم تۆمارکرد، بە حوکمی ئەوەی کە ئیمە لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەریم دەسگیر کراین بەبی هیچ تاوانیك. ئیمە لەسەر دەربینی بیرورای سیاسی زیندانکراین و ئەمەش پیچەوانەی هەرجۆرە ئیدعایەك لە سەربوونی ئازادی لە کوردستاندا. ئیمەیان بۆ زیاتر لە** 2 **سەعات یان دروسترە بلین بۆ ماوەی سیٚ رۆژ لە زیندانا هیشتەوە بەبی هیچ لیپسرینەوەیەك . ئیمە بەبی ئەوەی کە هیچ تاوانیکمان بەسەردا ساخ بیتەوە دوای کەفالە تمان لی کرا تا ئازادمان بکەن ....**

**بۆیە بەهیواین کە بەریزتان چ وەك وەزیری خارجی فنلاندو لیپسرینەوەو تاوتۆی کردنی حورمەت و چارەنووسی هاولایەتیەك بەدواچوون و لیکۆلینەوەی جدیتان هەبیت لەمبارەوە . هەروەها چ وەك کە دەستگیرکردنی من و شیوازی مامەلەی ئەوان بە تەواوی مانا پیشیل کردنی ماف و ئازدایە سەرەتایەکانی ئینسانە , بۆیە بەهیواین لەمبارەشەوە هەلویستی خۆتانی دیاری بکەن .**

**هەروەها داواتان لی دەکەم کە هاوکاریمان بکەن بۆ بە ئەمجام گەیاندنی ئەو دوو پرۆژەیەی کە ئاماژەمان پیٚ کرد، کە بیٚ شك پەیوەندی بە حورمەت و ئینسانی یەتی هەموو خەڵکی عیراقەوە هەیەو خەلکی فنلاندو ئەم ولاتانەش مافی خۆیانە کە ڕۆشنترین شێوە بە تاوانەکانی بەعس و چۆنیەتی مامەلەکردن و دادگایی کردنی سەرانی بەعس ئاشنابن و هەروەها وینەیەکی واقعی یان سەبارەت بە ڕەوشتەکانی ئەمڕۆی مافی مرۆڤ و ئازادیە فەردی و مەدنیەکان و بارودۆخی سیاسی هەبیت ، لە کوردستان و عیراقدا .**

**بەهادین ابو بکر عمر ناسراو بە ریبوار عارف**
**سکرتیری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**
2005 / 5 /3 1